## بانگەوازێك بۆ دانیشتوانی كەركوك سەبارەت بە :

## ئاكامی خۆپیشاندانەكانی دووهەفتەی ڕابردوو لە شۆررجەو ڕەحیماوا

### جەماوەری ناڕازی كەركوك

خۆتان شاهیدی ئەوەن كە لەسەرەتای ساڵەوە خەڵكی گەڕەكەكانی شۆرجەو ڕەحیماواو تەپەو...، بەهەزارانیان ڕژانە سەر شەقامەكان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر ئەو گرانیو بێمافیو گەندەڵیانەی كە لەشارەكەدا هەن، وەلەبەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزاریەكانو نەبوونی هیچ ئاسۆیەكیش بۆ دەربازبوون لەم كۆیرەوەریە ڕۆژانەیەی خەڵك دەنگیان هەڵبڕی ، تا ئاستی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ پۆلیسو بەردبارانكردنیان لەلایەن خەڵكەوەو دەستڕێژی گوللەش لەلایەن پۆلیسی عێراقیو سوپای ئەمریكییەكانەوە، كە ئاگادارن ئەم تەقەكردنەش بووە هۆی گیانلەدەستدانی چەند كەسێكو بریندار بوونی ژمارەیەكی زیاتریش لەهاوڵاتیان. تەنانەت هەڕەشەو چاوسوركردنەوەكانیشیان ڕیزەكانی ئێمە لە دەستەی داكۆكی و ئەندامانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریشی گرتەوەو ئەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە پاشەكشە بە خەڵكو ئێمە بكەن، وەتائێستاش كێشەوگرفتەكانی خەڵك بەهەڵواسراوی ماونەتەوەو دەسەڵاتدارانیش هەردەستی دەستی ئەكەنو چارەسەرێكیشیان پێنیەو نەئامادەشن چارەسەرێك بدەنەدەرەوە، هەربۆیەشە كە وەزعی خەڵك نالەبارترو گرانیو قاتو قڕیو بێكاری چەندبەرابەر زیادی كردوە.

### خەڵكی ناڕازیو ئازادیخواز

ئێوە ئاگادارن كە بەرپرسانی شار هەركاتێك ئەبینن خەڵك هاتوتەمەیدان و داوای مافەكانی خۆی دەكات، سەرەتا بەگێرەشێوێنو دەست لەپشتو ئاژاوەگێڕی لەقەڵەم ئەدەن، دواتر لەژێر فشاردا ئەو لەهجەیەئەگۆڕدرێتو دەكەونە پەخش كردنی وەعدەوبەڵێنی درۆزنانە كە چارەسەری گرفتەكانی خەڵك ئەكەن، بەڵام لێرەوە ئاگادارتان ئەكەمەوە كە نەك هەر هیچكام لەبڵێنەكانیان جێبەجێ نەكروە، بەڵكو بەئاشكراو بێپەردە كەوتونەتە دژایەتی خەڵكوهەڕەشەكردن، لەلایەكی تریشەوە نرخەكانیان چەندبەرابەرتر كردوەو پێداویستیەكانی ژیانی خەڵكو خزمەتگوزاریەكانیان كردۆتە كارێكی وەدینەهاتوو، بۆیە ئێمەو خەڵك لەبەرامبەردا ئەبێت بەئاگابین و بێدەنگ نەبین لەم بێ مافیو دەستدرێژیانە، بەوئەندازەیەی خەڵك لەمەیداندا بێتو ناڕەزایەتی دەربڕێتو خۆپیشاندان بكات، بەهەمان ئەندازە لەچارەسەری ئەو كێشانە نزیك ئەبێتەوە، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، بۆیە بانگەواتان ئەكەم بۆ كۆبوونەوە لەدەوری دەستەی داكۆكی لەداخوازییەكانی جەماوەری شاری كەركوك و نوێنەرایەتی خۆتان لەگەڕەكو ناوەندەكان دروست بكەنو پەیوەندیمان پێوە بكەن، ئەم ڕێگەیە لەئێستادا تاكەڕێگەیە كە دەسەڵاتداران ناچار بكرێن بەوەڵامدانەوە بەخواستەكانمان، وەهەر لێرەشەوە ڕایدەگەیەنین كە هەنگاوەكانی داهاتومان شێوازو ڕێگەی جۆراوجۆری تری بەدواوە ئەبێت، لەچەشنی مانگرتنی گشتی لەسەر ئاستی شارو گەڕەكەكانو ناوەدەكاندا، خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی دوەربڕینو بەدەستەوە گرتنی شەقامەكان، سووربوون لەسەر ئەوەی كە ئەبێت ژیانو گوزەرانی خەڵك باش بكرێت بەشێكە لەكاری كۆڵنەدەرانەی داهاتومان، داهاتێكی زۆروزەبەنەی لافاوئاسای شاری كەركوك ئەبێت بەشی خەڵكی لێبدرێتو ئەبێت ڕێگەنەدەین كە ئەوان لە لوتكەی ڕفاهیەتدا بژینو ئێمەو منداڵەكانمان لەخراپترین ئاستی ژیانكردندا. دووبارە بانگەوازتان ئەكەم كە بەم ڕیزە ناڕەزایەتیانە پەیوەست بن.


**ئازاد مجید**

**لەلایەن دەستەی داكۆكی لەداخوازییەكانی**

**جەماوەری شاری كەركوك**


2006/1/23


**ژمارە تەلەفۆنەكان:**

ئازاد مجید: 07701231010 ، رەمەزان صابر: 07701324181 ، محمد عزیز: 07701325656